

## بەشی ١٧

# پێداچوونە وە یەک بە پێداچوونەوەکەی مەلا عەبدوللا بە وەرگێڕدراوی کتێبی خولیاوەرگی ڕەحمانی  کورد خولیایکوردستان

## کورتەی باسەکە

**مافناس : حەسەن ئەیوبزادە**

**لە ١٦ بەشی لێکۆلینەوە و پێداچوونەوە بە پێداچوونەوەکەی مەلا عەبدوللاحەسەنزادە (حەیاکیی) بە وەرگێردراوی کتێبی خولیاو مەرگی رەحمانی کورد، خولیای کوردستان نووسینی کارۆل پرۆن هۆبێرو وەرگێرانی فتاح کاویان بە کوردیی لە ساڵی ٢٠٠٩میلادیی، نیشاندرا کە مەلا عەبدوللای حیاکیی بۆ مەبەستێکی سیاسیی ( چەواشەکردنی واقعییەتی تێرۆری د.قاسملوو و پاکانەکردن بۆ تێرۆریستەکانی ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و نیشاندانی توانەوەی خۆی لە سیستمی جینایەتکاری کۆماری ئیسلامییدا ) سەرەرای نەزانینی ئەلف و بێێ زمانێکی بیانیی بە تایبەتیی زمانی ئینگلیزیی یان سپانیۆلیی کە کتێبەکەی خاتوکارۆل پرۆنهۆبێری پێنووسراوە، خۆی کردووە بە ئێدیتۆری ئەو کتێبەی کە باس کرا. مەلا عەبدوللا بۆ ئەو مەبەساتانەی کە گوتران هەزاران تەزویری لە پێداچونەوەکەیدا کردووە. تەزویرەکان بێوێنە، وەستایانە، دەگمەن و کەسنەکردوون.**

**تەزویرەکان دەیسەلمێنن کە مەلا عەبدوللا لەگەل محمد جعفری صحرارودی نوێنەری ئیتتلاعاتی سپای پاسداران،[1] قاتلی د.قاسملوو عەبدوللا قادریی، جێگیر لە یاخسەمەر( ناوەندی ینک و شوێنی ژیانی تالەبانیی، هەروەها لەگەل وەزارەتی ئیتتیلاعاتی رژیمی کۆماری ئیسلامی لەژێر دەسەلاتی علی فلاحیان و دەزگای زانیارییەکێتیی نیشتمانیی (دەستە خوشکی ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران لە باشوری کوردستان) بە نهێنیی، هیمنیی، شێنەیی و بە خشکەیی [2] هاوکاریی کردووە.**

**تێرۆری سەدان ئەندام، کادر، پێشمەرگە و ئازادییخوازانی کورد لە باشور و رۆژهەلاتی کوردستان، ئەندامانی نهێنیی "حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران" لە گوندو شارەکانی ژێردەسەڵاتی رژیم لە راستییدا ئاکامی رێکەوتنی نهێنیی مەلا عەبدوللا، صحرارودی و محسن رضائی بووە. پێوەندیی مەلا عەبدوللا بە ئیتتیلاعاتی سپای پاسدارانەوە درەنگتر لە رێکەوتنی مانگی دەی ساڵی ١٩٨٦ ی تالەبانیی و ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران بووە. بروانە خولانەوە لە ناوبازنەدا لاپەڕەی ١٠٣ تا ١١٤ نووسینی نەوشیروان مصطفی. واتە دوای سەرنەکەوتنی وتوێژی ینک لەگەل رژیمی صدام بووە.**

**دیاریکردنی رێکەوتی پێوەندیی گرتنی ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران بە مەلا عەبدوللا حسنزادە و کەسانێکی دیکە لە ناو حدکادا بە وردیی دیاریی ناکرێ. بەلام شک لەوەدانییە کە تورێکی جاسوسیی لەناوحدکادا زانیاریی وردی لە ناوخۆی حدکاوە بە ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران ( محمد جحفری صحرارودی) و وەزارەتی ئیتتیلاعات داوە. ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران زانیاریی ورد و باوەرپێکراوی لەسەر د.قاسملوو و د.شەرەفکەندی لە بەردەستدا هەبووە و کومیتەی کارەتایبەتییەکانی رژیم ( کمیتە امور ویژە)کە ابولقاسم مصباحی ئاشکرای کرد ئەو زانیارییانەی پێگەشتبوو. ئێمە هەوڵ دەدەین ئەو هاوکارییەو تواندنەوەی حدکاو فرۆشتنی بە تالەبانیی و صحرارودی دوای تێرۆری رێبەرانی حدکا ( د.قاسملوو د.شەرەفکەندیی) بە پێێ بەڵگەنامەکان باس بکەین.[3]**

**بێدەنگیی ئەندامانی تەنزیمە تەزویرییەکەی مەلا عەبدوللا لەو بنکە جاسوسییە ، توناکەری بەرپرسایەتیی کەسانێک نییە کە بۆ جیرەیەکی پەنابەریی ئەو دوکانەی مەلا عەبدوللا بەڕێوە دەبەن.**

---

1_ کتێبی خولانەوە لە ناو بازنەدا نووسینی نەوشیروان مصطفی لاپەرەی ١٠٣تا ١١٤

2_ بەڵگەنامەی ژمارە ٣٢ کتێبی شەری کوردستانی عێراق چۆن دەستی پێکردو کێ لێی بەرپرسیارە، مەکتەبی سیاسیی، پارتی دێموکراتی کوردستان چاپی یەکەم ، بەرگی یەکەم سالی ١٩٩٧ لاپەرەکانی ٢٩١ و ٢٩٢ لە ئاخری ئەم لێکۆلینەوەیەدا بیبینە!

3- http://news.gooya.com/politics/archives/2009/05/088192.php

## درێژەی لێکۆلینەوە

### بڕگەی یازدەهەم

### سمکۆ

لاپەڕەی ٢٨١تا ٢٨٤ تەنیا بەشێکە کە مەلا عەبدوللا تەزویری تێدا نەکراوە، چونکە باسێک لە کارگێرانی ئیتتیلاعات، لە تێرۆری د.قاسملوو وپاکانەکردن بۆ تێرۆریستەکان و هاودەستەکانیان لەوبەشەدا نەکراوە.

## هاوپێچی ١

## شایەدیی دانی ابوالحسن بەنی سەدر

مەلا عەبدوللا حەسەنزادە وەرگێڕدراوی سەرجەمی لاپەرەکانی ٢٨٥، ٢٨٦ و٢٨٧ی دەقە کوردیی‌یە کە واتە وتوویژی نووسەری کتێبی خولیاو مەرگی رەحمانی کورد، لەگەڵ د. ابوالحسن بنی‌صدر، سەرۆک کۆماری پێشتری ئێران لە دایکبووی سالی ١٣١٢ رەچەڵەک کورد خەڵکی بیجاری گەروس، سەر بە پارێزگای کوردستان ( سنە) لە پێداچوونەوە بە دەقەکوردیی‌یەکەی‌دا سانسۆر کردووە. بۆزانیاریی زیاتر لەسەر بنی‌صدر بروانە ویکی پێدیا و وتوێژی بنی‌صدر لەگەل عەبدوررەزا کەریمی ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران! [4]

ئێمە وەرگێردراوی سانسۆرکراوی ئەو وتوێژەی د.بنی‌صدر لەگەل کارۆل پرۆن هوبێر لە لاپەرەکانی خوارەوە کە خاوەنی ئەم لێکۆلینەوەیە کردوویە بە کوردیی لە خوارەوە دەخەینە بەرچاوی خوێنەری کورد.

4 _ https://soundcloud.com/a-banisadr/banisadr-93-12-16

**وەرگێردراوی لاپەڕەکانی ٢٨٥ و ٢٨٦ و ٢٨٧**

مەلا عەبدللا بۆ پاکانەکردن بۆ رفسنجانی و تێرۆریستەکان ئەو سێ لاپەرەیەی کە تەرجەمەکراونەوە لە پێداچوونەوە بە کتێبەکەی کارۆڵدا بە تەواوی سانسۆر کردوون.

لەو سالانەی دوایی‌دا، روونکردنەوەی زیاتر لەسەر تێرۆری د.قاسملوو و نوێنەرەکەی( عەبدوللا قادریی ئازەر) و فازل رەسوڵ بالاو کرانەوە. ئەوەی لیرەدا باس کراوە وتوویژێکە لەگەل سەرۆک کۆماری پێشتری ئێران، دوکتور ابوالحسن بنی‌صدر لەگەل نووسەری کتێبی خولیاو مەرگی رەحمانی کورد کردوویە.

ئەو وتانە دانپێدانانی ئەندامێکی ئەو گروپە تێرۆریستیی‌یە بووە کە لەلایەن رۆژنامەنووسێکی ئێرانیی‌یەوە بۆ بنی‌صدری باس کراوە کە لەتێرۆرەکەدا بەشدار بووە. ئەو زانیاریی‌یە لە ٢٠٠٥ لەلایەن بنی‌صدرەوە بە پیتر پیلچ (نوێنەری پارلمانی ئوتریش) راگەیەندراوە.

ناصر تقی پور سەرۆکی یەکێ لەو تیمە کۆماندویانە بووە کە دەستوری پێدرابوو پلانی تێرۆری د.قاسملوو ودوو هاورێکەی بەرێوە بەرێ. ئەو [بەناو تێرۆریستە]دوای جێبەجێ کردنی تێرۆرەکە هەستی بە مەترسیی کردبوو لەبەرئەوە بریاری دابوو ئەو دانپێدانانەی خۆی بە هاورێیەکی بلێ کە ئەگەر بێسەرو شوێنکرا ئەو نهێنیی‌یەی ئەو ئاشکرابکا. هاوکارەکەی تقی پور لە گەرانەوەدا ئەو زانیاریی بۆ برا رۆژنامەنووسەکەی باس کردووە. ئەو رۆژنامەنووسەش لە ئێران رای کردووە و ئێستا لە فەرەنسە پەنابەرە و لە پاریس دەژی.

ئەوەش شایەتیی‌یەکەی تقی پورە:

لە سالی ١٩٨٨ لە تاران کۆبوونەوەیەک لە دەفتەری رفسنجانی ، سەرۆک کۆماری ئیسلامیی ئێران پێک هات. دەفتەری سەرۆک کۆمار دەستوری دا بە سپای قودس. – سپای قودس لکێکی "سپاه پاسداران انقلاب اسلامی" و بەرپرسی میسیۆنەکانی دەرەوەی ئێرانە– کە چەند تیم بۆ کوشتنی د.قاسملوو ئامادەبکا.

تقی پور بە رۆژنامەنووسەکەی گوتبوو : << ئێمە دوو تیم بووین،>>. سەرپەرشتی تیمەکە حاج غفور دەرجەزی، ئەندامێکی سپای قودس بوو. ئەوە ناوی راستەقینەی بادیگاردەکەبوو کە بە بزرگیان ناودێر کرابوو." ئەو میسیۆنی تێرۆرەکەی پێک‌هێنابوو.'

[پاسپۆرت و وێنەی ئەو تێرۆریستە بلاوکراوەتەوە و دواتر دەخرێتە بەرچاوی خوێنەر. نووسەری لێکۆلینەوەکە]

# Appendix 1

# Testimony from Abolhassan Bani Sadr

In recent years, additional revelations on the murders of Abdul Rahman Ghassemlou, Fadil Rasul, and Abdullah Ghaderi-Azar have emerged. What follows is an interview with former Iranian president Abolhassan Bani Sadr, who shared this testimony with the author. This statement—a confession by a member of the assassination team—came to light through an Iranian journalist, who in turn shared this declaration with Bani Sadr. It was through Bani Sadr that this information was brought to the attention of the Austrian parliamentarian Peter Pilz in 2005.

Nasser Taghepour headed one of the commandos that was ordered to assassinate Abdul Rahman Ghassemlou and his two companions. After the assassination, feeling himself in danger, he decided to give this confession to a friend to ensure that if he did disappear, the truth would be known. Taghepour's friend, in turn, passed this testimony to his brother, the Iranian journalist who revealed it to Bani Sadr. The journalist escaped Iran, and now lives in Paris in exile.

Here is Taghepour's testimony:

There was a meeting in Tehran in 1988 at the offices of Rafsanjani, president of the Islamic Republic of Iran. The presidential office ordered the Sepáh-i Quds, a branch of the Guardians of the Revolution in charge of missions outside of Iran, to prepare teams to eliminate Ghassemlou.

"We were two teams," Taghepour told the journalist. The person in charge of the mission was Haj Ghafour Darjazi, a member of the

Sepáh-i Quds. This was the real name of the "bodyguard" known as Buzorguian: "He organized this terror mission."

The operation would be executed in two phases. During the first phase, Iran would propose to Ghassemlou to negotiate a solution. Once he agreed to this process and took the bait, the second phase would begin. "A few months later, he accepted, so we decided to negotiate in Vienna."

The first team included Nasser Taghepour and another member of the Sepáh-i Quds known as Asgari. The first negotiations took place December 28 and 30, 1988; the second round of negotiations would be slated for July 1989.

The Iranian embassy in Vienna was responsible for acquiring the weapons for the operation. Haj Ghafour was in charge of choosing the meeting site. Taghepour and Asgari traveled to Vienna in July, a week before the murder, via the Arab Emirates, with European passports.

Taghepour and his teammate Asgari visited the chosen location to get to know the layout and the logistics. The Iranian emissaries negotiating with Ghassemlou were charged with prolonging the talks as much as possible to give the assassins time to get into position.

On July 13, 1989, the team entered the building. At the apartment, Mostafawi opened the door. Ghassemlou had no time to react; neither did the other two.

The room was not well lit. Sahrarudi, a commander of the Sepáh-i Quds present at the negotiations, was wounded.

Taghepour and Asgari left the premises. Sahrarudi was taken to the hospital. Haj Ghafour was detained, but twenty-four hours later he was freed, thanks to the intervention of the Iranian embassy.

Taghepour repeated that there were two teams: if the first team had not succeeded, the second one would have moved into action. The second team was headed by Mahmoud Ahmadinejad; he was responsible for picking up the weapons from the Iranian embassy and passing them to Taghepour and Asgari.

The two men who served on the first team, Taghepour and Asgari, were later murdered. Asgari's assassination took place at the military facility where he worked; he was shot by the military officer in charge.

Taghepour was sent on a mission. He had the intuition that his life was in danger. Before he left, he told his friend: "If I don't come back

**وەرگێردراوی لاپەڕەی ٢٨٦**

بەرێوەبردنی تێرۆرەکە (عملیات) دەبوو لە دوو قۆناخدا جێبەجێ بکرێ .
لە قۆناخی یەکەمدا دەبوو پێشنیاری وتویژ بۆ چارەسەریی مەسەلەکە بە قاسملوو بکرێ. یەکەم، ئەو بۆ پێشنیارەکە ڕەزامەندیی دەربری و هەنگاوی دوایی دەسپێکی وتوویژەکە بوو. " چەند مانگ دواتر ئەو قبووڵی کرد ورەزامەندیی دەربری و بریاری وتویژمان لە ڤییەندا.
تیمی یەکەم بریتی بوو لە ناصر تقیپور و ئەندامەکەی دیکە ی سپای قودس ناوی اصغری بوو. دەوری یەکەم لە ٢٨ و ٣٠، ١٩٨٨ بوو. دەوری دووهەم لە جولای ١٩٨٩ بوو.

**تێبینیی**١ نووسەری ئەم لێکۆلینەوەیە: ئەوزانیارییانە کە ئەوکابرا نەناسراوە رایگەیاندوون ناراستن. کات و سات و بەشدارانی ئەو کۆبوونەوانە و ژمارەی کەسەکان بە پێیبەڵگەنامەکانی دادوەرانی پەروەندەی تێرۆرەکە ئاشکران و بڵاو کراونەوە. ئەوەی کە ئەو کابرایە گوتوویە لەگەل بەڵگەنامەکان بە تەواویی جیاوازن. دەوری یەکەم بە بەشداریی تالەبانیی و نەوشیروان مصطفی ئەمین بەڕێوەچوو بوو. لە دەوری دووهەمدا تەنیا ئەو سێ تێرۆریستە: صحرارودی، اجوادی و بزرگیان و هاوکارە ئیتتیلاعاتییەکەیان ( فازل رەسوڵ ) بەشدار ببوون.

**درێژەی وتەکان**: "بالوێزخانەی ئێران لە ڤییەن بەرپرسی وەدەستخستنی چەکەکان بۆ تێرۆرەکە وحاجی غەفور بەرپرسی دیاریی کردنی شوێنی دیدارو وتویژەکەبوو. اصغری و تقیپور حەوتوویەک بەر لە تێرۆرەکە لە مانگی جولای لە ریگەی ئەماراتی عەرەبیییەوە بە پاسپۆرتی ئوروپاییەوە بەرەو ڤییەن سەفەریان کردبوو".

**تێبینیی** ٢ نووسەری لێکۆلینەوە: ئەو وتانەش بنەمایەکیان نەبووە. بزرگیانێکی بێسەواد، بێزمان، نابەڵەد کە تەنیا وشەی پۆلیسی بە زمانی ئینگلیزیی زانیبوو، لەوڵاتێکی ئالمانیزمان چۆنتوانیبووی جێگەیەک بۆ وتویژ بدۆزێتەوە کە تێرۆرەکەی لێبکری و چۆن لەگەل د.قاسملوو پێوەندیی گرتووە و رابیتەکەیان کێ بووە؟ ئەمانە هەموو بۆ گالتەدەبن و بۆ ئەوە سازکراون کە روداوی تێرۆرەکە چەواشەبکرێ و پاکانە بۆ جینایەتکارەکانی رژیم (صحرارودی، اجوادی، رفسنجانی و ...هاوکارە کوردەکانیان )بکرێ.

**درێژەی تەرجەمەکە**، تقی پور و اصغری چوونە ئەو شوێنەی کە دیاریی کرابوو بۆ ئەوە لە شوێن و وەزعی logistique لۆژیستیکیی یەکەی شارەزابن. نێردراوە ئێرانییەکان کە لە گەل قاسملوو لە حاڵی وتویژدا بوون دەبوو ئەوەندە درێژ دادڕیی بکەن تا تیمی تێرۆر بتوانن خۆیان بگەیەننە شوێنەکە.
لە ١٣ جولای ١٩٨٩ تیمەکە چووە ناو بیناکە. لە ئاپارتمانەکەدا مصطفوی دەرگاکەی کردەوە. نە قاسملووو نە دووانەکەی دیکە دەرتانی کاردانەوەیان هەبوو. ئۆدەکە تەواو رووناک نە بوو. صحرارودی فەرماندەری سپای قودس کە لەوێ بوو بریندار بوو. تقی پور و اصغری ئاپارتمانەکەیان بەجێ هێشت. صحرارودی بردرا بۆ نەخۆشخانە. حاجی غەفور راگیرا بەلام بە سوپاس لە باڵوێزخانە
بۆ هاتنە ناو کارەکە، ناوبراو٢٤ کاتژمێر دواتر ئازاد کرا.
تقی پور دووپاتەی کردەوە کە دوو تیم لەوێ بوون : ئەگەر تیمی یەکەم سەرکەوتوو نەبوایە تیمی دووهەم کارەکەی تەواو دەکرد. سەرۆکی تیمی دووهەم محمود احمەدینژاد بوو. احمدی نژاد بەرپرسی وەرگرتنی چەکەکان لە باڵوێزخانە و گەیاندنی چەکەکان بە تقیپور و اصغری بوو. "تقی پور و اصغری دواتر کوژران. کوژرانی تقی پور لە پادگانێک
بوو کە ئەو لەوێدا کاریدەکرد. ئەو بە دەستی ئەفسەری کێشک کوژرا. تقیپور ناردرا بۆ مەئموریەت. ئەو پێشبینیی کردبوو کە گیانی لە مەترسییدایە. ناوبراو بەر لە رۆیشتنی بۆ ئەو مەئموریەتە بە برادەرەکەی گوتبوو:" ئەگەر من لەو مەئمورییەتە نەگەڕامەوە، ئەوە بەو مانایەیە کە من بێسەروشوێن کراوم."

**وەرگێڕدراوی لاپەڕەی ٢٨٧ کە مەلا عەبدوللا سانسۆری کردوو.**

باس کردن لەوتیمە ، بەمانای ئەوەبوو کە من لەو مەئموورییەتە وەلانراوم. ئەو مەئمورییەتەی کە ئەوان بۆ منیان ڕێکخستبوو مەئمورییەت نەبوو ئەوە تەڵەی مەرگ بوو. ئەگەر نەگەڕامەوە تکایە ئەوەی من بە تۆی دەڵێم چاپی بکە." ئەو هەرگیز نەگەڕایەوە."

پیتر پیلچ لەماڵی بنیصدر چاوی بەو ڕۆژنامەنووسە کەوت. پیتێر پیلچ بە بیستنی ئەو شایەدییە بەهێزە، داوای کرد پارلمانی ولاتەکەی لەو بابەتە بکۆلێتەوەو پرۆسەی لێکۆلینەوە لە تێرۆرەکە دەست پێبکرێتەوە.

بەوتەی بنیصدر ئەنجامی ئەوداوایە بەم جۆرەبوو:

وەزارەتی ناوخۆیی ئوتریش پێوەندیی بە منەوە گرت و پرسیاری لەمن کرد کە ئاخۆ ئەو ڕۆژنامە نووسە دەیهەوێ بە ڕەسمیی شایەدیی بدا. پیلچ دەڵێ: من پێوەندییم پێوەگرت. ئەو ڕازامەندیی خۆی دەربڕی کە هەیئەتێکی وەزارەرەتی نێوخۆیی بێن.ئەوە نەکرا. ئەوان تەلەفونیان کردەوە و گوتیان گرفتەکە لەلایەن دەسەلاتدارانی فەرەنسییەوە بووە. گوتیان حەوتوی دادی دێن بۆ ئەوە زانیارییەکانی ڕۆژنامەنووسەکە ببیسن.

ئەوان نەهاتن. من لە فەرەنسییەکانم پرسی . فەرەنسییەکان گوتیان ئوتریشییەکان نەیانویستووە بێن و شایەتییدانەکەی ڕۆژنامەنووسەکە ببیسن. پیلچ دەلێ: لەم دواییانەدا ڕۆژنامەنووسێکی ئوتریشیی وتوێژێکی لەگەڵ کردم. بەوەبەرچاوگرتنی پێوەندیی ئابوریی ئوتریش لەگەل ئێران، ڤییەن نایهەوێ لێکۆڵینەوەکە دەست پێبکاتەوە. لەیەک لایەنی روون و ئاشکراوە ئوتریش بەرپرسە، چونکە تێرۆرەکە لە ئوتریش کراوە و دەسەلاتدارانی ئوتریش " ئاگادارەکانیان " ئازاد کردووە. ٣٣٢

---

لەمەر پێوەندیی مەلا عەبدوللا بە ئیتتیلاعاتی سپای پاسدرانەوە بروانە نامەی تالەبانیی بۆ جبار فەرمان کە سەرنجراکێشە. سەرچاوەی ئەوبەلگەنامەیەش لەدەقەکەی دا ببینە!

Carol Prunhuber 287

from this mission, it means I have been eliminated. This mission they have ordered me to do is not a mission but a trip to death. If I do not come back, please publish what I am telling you." He never returned.

Peter Pilz met with the Iranian journalist at Bani Sadr's home. On the strength of hearing this testimony, Pilz requested a parliamentary inquiry, and asked that the case be reopened.

According to Bani Sadr, this is what ensued:

"The Austrian Ministry of the Interior got in contact with me to ask me if the journalist would testify officially. I spoke with him and he agreed. The ministry staff were supposed to come, and did not. They called again and said there was a problem with the French authorities; they said they would come the next week to hear the journalist.

"They did not come. I asked the French, because the Austrians were saying that it was the French who were not authorizing them to come. The French told me it was Austria that did not want to come and hear the journalist.

"Recently an Austrian journalist interviewed me. Given the economic relations of Austria with Iran, Vienna does not want the case to be reopened. In a certain way, Austria is responsible, because the murder happened there—and they, the Austrian authorities, released the witnesses."[332]

بروانە بەڵگەنامەی ژمارە٣٢ بە دەسخەتی تالەبانیی، سەبارەت بە پێوەندییە نهێنییەکانی تالەبانیی و ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و ئامۆژگاریی ئێرانییەکان بۆ تالەبانیی لەمەر دروست کردنەوەی پردی روخاوی پێوەندییەکەیان لەگەل مەلا عەبدوللا. بۆچی ئێرانییەکان ویستوویانە تالەبانیی گوتەنیی: بە نهێنیی، بە هێمنیی، بە شینەیی و بەخشکەیی لەگەل مەلا عەبدوللا ڕێکیانخاتەوە؟! کاری تالەبانیی و مەلا عەبدوللا ، المجلس، سەماحەتی باقر الحکیم هەمووی خشکەیی و زۆر زۆر زۆرنهێنیی بووە و نووسیویە کەس نابێ بزانێ و ئەوەش ئەساسە ... "

هەموو نالەبارییەک : پیلان، پلان، تێرۆر، جاسوسیی، خەیانەت لە ڕادەیەکی بەربلاودا لە نهێنییدا بریار دراون و جێبەجێ کراون. لە تێرۆری ڕێبەرانی حدکا و سەدان پێشمەرگەی ڕۆژهەلاتی کوردستان و هەموو کارەساتەکانی دیکەی کوردستاندا ئەو شێوەکارە لەلایەن بەشێک لە لایەنەکانەوە ڕەچاوکراوە. تەزویرەکانی مەلا عەبدوللا و هاوکارییەکەی لەگەل ئیتتیلاعاتی ڕژیم و سپای پاسداران بەو شێوەکارە بووە.

**بەڵگەنامەکەی ژمارە ٣٢ بە خەتی تالەبانیی نووسراوە و بۆ ئاسانتر کردنەوەی خوێندنەوەکەی دەقی چاپکراوەکەشی لێ زیادکرا.**

**بروانە ڕوپەڕی خوارتر**

**درێژەی دەبێ ١٦ فوریە ٢٠١٦**

بــۆ خوێندنــەوەی بەشــەکانی پێشــتر بروانــە ئــەو ســایتانە:
rojikurd.info پێشمەرگەکان ، هەڵوێست، بۆکان( رۆژهەلات)

## بەڵگەنامەی ژمارە «٣٢»

**نامەی جەلال تاڵەبانی بۆ جەبار فەرمان سەبارەت پێکگەیشتنی تاڵەبانی لەگەڵ ئێران:**

**لە ٢٨ / ٩ / ١٩٩٥دا تاڵەبانی نامەیەک ئاراستەی جەبار فەرمانی بەرپرسی مەکتەبی عەسکەری «ینک» دەکا، کە ئەمە دەقەکەیەتی:**

یەکێتی ی نیشتمانی ی کوردستان
سکرتێری گشتی

**هەڤاڵ و برای خۆشەویستم کاک جەباری بەرێز**

سلاویکی گەرم
شادی و سەرکەوتنتانم داوایە و ئیمەش باشین.
لەسەفەری تاران دا پیم وایە چەند شتێکی زۆر گرنگمان بەدەستهیناوە:

**یەکەمین**: هاوکاری هەتاسەری ئێمەو المجلس الاعلی ـ بەسەرۆکایەتی سەماحەتی السید باقر الحکیم کە بۆ ئێستە و دوا رۆژی عێراق باش و پێویستە وا دەقی هەردوو ڕێککەوتنی ئاشکراو نهێنیتان بۆ دەنێرین نهێنی یەکە دەبێ زۆر زۆر زۆر نهێنی بێت و کەس نەزانیت: ئەوەش ئەساسە: لە هەمو حالەتیکدا لەسەری دەڕۆین و جێ بەجێ ی دەکەین بەلام (١) بەخشکەیی (٢) لە ژێر پۆششیکدا. لەسەرەتادا هەول دەدەین پۆشش INC(**لێرەدا تالەبانی دەیەوێINC وەک دەمامکێک بۆ راپەڕاندنی پرۆژەیەکی دیکە بە کارَ بهێنێ ـ دیراسات**)بێت، یان هاوکاری فراوانی معارەزە. جا ل: کۆمیتەی سەرکردایەتی ئەو ڕێککەوتنە تۆ+ کاک قادرمان داناوە بۆ هەڵسوڕاندن و جێبەجێ کردنی کارەکان. هیوادارم هەر فیلەکە بیت!

**دووەم**: رازی کردنی ئێران بەو ڕێککەوتنە، هەروەها بە یارمەتی دانی هەردوولامان بۆ سەرخستنی کارەکە: واتە رازی بوونی جەمهوری ئیسلامی بە هاوکاری کردنی ی.ن.ک+ المجلس الاعلی بۆ روخاندنی رژێم+ داهێنانی عێراقی دوا رۆژ کە لە ڕێککەوتنی پێشومان لەگەڵ المجلس دا باسی لێوە کراوە، کە تێیدا مافی چارەی خۆنووسی گەلی کورد لە چوارچێوەی عێراقدا هاتووە. واتە ئیتر «ئێمەو المجلس» بە رەورەوەی رزگاری عێراق دەزانێت واتە بەهەر سێ لامان پێکەوە کارە هەرە ئەساسیەکە دەکەین.

**سێیەمی** ڕێککەوتنێکی هەمەلایەنەو شامیل و کامیلی دورو درێژ لە نێوان ئێمەو ئێران دا کە بێ گومان پرۆژەکەی دەبینن.

**چوارەم** هەروەک بڕیاردرا ڕێککەوتنەکەی پێشوو جێبە جێ بکرێت.



**پێنجەم**: جەمهووری ئیسلامی سوور نەبوون لەسەر بەپەلە دەرکردنی حدکا، بەڵکو داوایان لێ کردووم کە بەهێمنی و شێنەیی و بەخشکەیی هەولدەم لەگەڵ مەلا عبداللە بۆ ئەوەی پێک بێنەوە لەگەڵ (ج ئـ) دیارە هێشتا ئەساسەکەو شەرتەکانی روون نین بەڵام خۆی لەخۆیدا شتێکی زۆر گرنگە: باس لە چالاکی سیاسیان دەکرێ+ لە چارەسەرەکەی ئیمام وەختی خۆی گوتبووی و هتد.

بەگشتی من لەم سەفەرەی ئێرانم زۆر رازیم: ماوەتەوە جێبەجێ کردن: پێم وایە کلیلەکەی ڕێککەوتنەکەی «ئێمەو المجلس»ی ئەعلایە کە ڕێبەر+ سەرۆک جەمهووری+ پاسداران+ هەموان ئیتر زۆر زۆریان پی باش و گرنگە.

بۆیە هەر خۆت و کاک قادر لە بەچاکی هاوکاری کردنی المجلس زۆر زۆر زۆر گرنگە: بگرە هەموو شتەکانی تری پێوەبەندە.

ئەوەی گرنگە بەلامەوە کە بۆ دوا رۆژی عێراق و شتە ئەساسیەکان (ج.ئـ) لەگەڵ (ئێمەو المجلس) پێکهاتووەو بەس و کەسی تری تێدا نییە! واتە ئەوەیە سێ کوچکەکە:

**لە دواییدا ئێمە لێرە قسەمان درێژ بوو.**
**تکایە جارێ ئەم نامەیە هەر بۆ خودی خۆتە.**
**و هەر بژی بۆ**

**برای دڵسوزتان**
**مام جەلال**

**ئاگاداری**

بۆ الحسینیەکەی سلێمانی ئەرزێکی باش بەناوی منەوە داوا بکەن و لێرەشەوە مهندس دێت بۆ تخطیط کردنی.



### ئەسڵی بەڵگەنامە ژمارە «٣٢»

تاران ـ ٢٨ ـ ٩/١٩٩٥

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
سکرتێری گشتی

الاتحاد الوطني الكوردستاني

Patriotic Union of Kurdistan
Secretary General